لیژنەی دارایی پەرلەمان:موچەی فەرمانبەران بۆ 2025 مسۆگەر

سەرکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، وەزیری دارایی دەنیایی داوە کە مووچەی فەرمانبەران بۆ ئەمساڵ مسۆگەر و لیژنەیەکیش لە بارەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم پێکدەهێنن.

عەتوان عەتوانی سەرکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، تایف سامی وەزیری دارایی لە میانی میواندارێکردنیدا بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمان، پشتڕاستی کردووە کە موچەی فەرمانبەران بۆ ئەمساڵی 2025 مسۆگەر.

ئاماژەی بۆوشکرد، لیژنەیەکی لاوکیان پێکهێنا بۆ بەدواداچونی شایستە دارایەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2024-2025.

ئەو شەممە، لیژنەی دارایی پەرلەمان میوانداری تایف سامی وەزیری دارایی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر خشتەی بودجەی ساڵی 2025 و دەستبەرکردنی مووچەی فەرمانبەران.